# دەربارەی پرۆژەی دەستورنامەی هەرێمی باشووری کوردستان

د. کەمال میراودەلی

## بەشی دووەم

## دەستوور و پەیامنامەی کەمپەین بۆ سەرۆکایەتی هەرێم

١. گەر ئێستا سەرنجی پەیامنامەکەم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە ناوی سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان ، دەدەمەوە ، دەبینم دیسانەوە جەختێکی زۆر لە سەر دەستوور کراوەو یەکەم دوو وشە سەرەتاییەکانی ئەم سەرەتایە : دەسەلاتی دەستووریی – ن .

دەستووریش دیارە ، گەر نەتبێ ، خۆی لە خۆیدا هەم ئامانجە و بەلام گرنگتر ئامرازە بۆ ئامانجی مەزن . یەکەم ئامانجی دەستوور و دامەزراندنی دەسەلاتی دەستووریی وەک لە پەیامنامەکەمدا باسم کردووە: دروستکردنەوەی هاوخۆیی [ ئینتیمایە] لە نێوان مرۆڤ و خاکدا ، یان بە مانا سایسییەکەی لە نێوان هاو- نیشتمان و نیشتماندا چونکە ئەوەی دەسەلاتی حیزبی بەربەریی ١٨ سالەی [ئەوسا ٢٠٠٩] کردوویەتی پچڕاندنی ئەو بەندی هاوولاتیبونەو غەریبکردنی مرۆڤی کوردە لە نیشتمان ، کۆمەڵ ، ئەوی تر و تەنانەت خۆشی .

٢. ڕێبازی گێڕانەوەی ئەو ئینتیمایەش بە ئازادکردنی خواستی ئینسانی کورد وەسفکراوە . بۆ ئەوەی ببێتە [[ هێزێکی بەکار بۆ باوەڕ بەخۆبوون ، بۆ هیوابوون بە پاشەرۆژ ، بۆ خۆشەویستی یەکتر ، بۆ چاکسازیی ، بۆ گۆڕان ، بۆ دروستبوونی مرۆڤی کوردی هوشیاری تاک و دیموکراتیخواز . ]] . ئازادکردنی ئیرادەی ئینسانییش بی دروستکردنی سیستمێک ناکرێت کە لە سەر بنەمای یەکسانیی و دادپەروەریی و دیموکراسیی دامەزرابێت . بۆیە لێرەدا ئەم ئیرادە پێویستە بۆ دروستکردنی سیستمەکە ، دروستکردنی سیستمەکەش گرنگیی جەوهەرییە بۆ پاراستنی ئیرادە

ئازادەکە . بەبێ تێگەیشتنی دایەلەکتیکی ئەم هاوکێشە تیۆریی پراکتیکییە هەموو هەوڵێکی گۆڕین لە بازنەی بۆشاییدا دەمێنێتەوە.

٣. نامەوێ لێرەدا پەیامنامەکە ، کە لە هەمان کاتدا پەیماننامەی هەڵیژاردنیشە ، شی بکەمەوە چونکە لە خوارەوە دەقەکەی دادەنێم . بەلام دەمەوێ جەخت لەسەر گرنگیی بابەتی دەستوور لە تەواوی بەڵگەنامەکەدا بکەمەوە . بە پێچەوانەی ئەوەی بوترێ هێچ نەکراوەو دەبێ سیستم لە سفرەوە بنیاتبنێین پەیامنامەکە بە وردی ئەو دەسکەوتە گەورانە دەستنیشان دەکا کە بە ئاقاری دروستبوونی نەک سیستم بەلکو دەولەتی مۆدێرنیش لە هەرێمی کوردستان هەن . لەم رووەوە [ ١٧] بنسازیی [ ستراکتوری ] دامەزراوەیی دەوڵەتسازیی دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن:

1. سەرۆکایەتی هارێم
2. پەرلەمان.
3. حکومەت
4. دادوەریی
5. ئەنجومەنی پاریزگاکان و شارەوانییەکان
6. حیزبەکان و پلورالیزمی حیزبیی
7. پێشمەرگەو هێزی چەکداری پۆلیس و ئاسایش
8. کۆمەڵگای مەدەنی
9. دەزگای راگەیاندن و میدیای ئەهلی ئازاد

10. بازارو کەرتی تایبەتی

11. بودجەو سەرچاوەی دارایی و  سامانی نەتەوەیی ژێر زەمین و سەرزەمین و سروشتێکی جوان و پر خێرو بەرەکەت

12. دەزگاو دامەزراوەی وەک زانکۆکان و کەرتی پەروەردەیی و دەز گاکان و بەریوەبەریتییەکانی هەرێم

13مزگەوتەکان و دامەزراوەوە دینییەکان

14. پێوەندی دەرەوەیی و دیپلۆماسی

15. توێژی رۆشنبیران و هێزیکی مرۆیی مەزنی گەنجان و بەهرەو توانای ناوخۆیی

16، کاریگەریی دیاردەی جیهانگیریی و تەکنۆلۆجیای زانیاری سەردەم و تیکەلکاری لەگەڵ دنیای دەرەوەدا

17 بوونی کۆمەڵگا و جالیەی کوردی بەهێز لە دەرەوەی ولاتدا ، بەلام ئەوەی پەیامنامەکە وەک گەورەترین نوقسانیی دەستنیشانی دەکات نەبوونی دەستووره.

**هەموو دەوڵەتێکی نۆدەم لە سەر ئەو بنەما بەهێزانە دامەزراوە کە پێکەوە کاردەکەن و یەکتر تەواو دەکەن تا پرۆسەی حوکم و ژیانی سیاسیی و کۆمەڵی بە شێوەیەکی هاوتاو یەکتر بەهێزکەر بە رێوە بچن.**

**وەک دەبینن ئەوەی نوقسانەو دەبێ لە سەرووی هەموو ئەوانەوە بێت دەستووره. لە هەموو ولاتێکدا هەموو ئەو ستراکتورو دەزگاو روالەتانەی دەولەت و کۆمالگا  بە ماددەی دەستووری رابەریدەکرێن و  بە یاسادانان رێکدەخرێن. دیارە لە سەرووی دەستووریشەوە دەبی دادگایەکی دەستووری هەبێ بۆ چارەسەری و بریاردانی ئەو ناکۆکییانەی لە نیوان**

دەسەلاتەکاندا یان بە هۆی تەفسیرکردنی جیاوازی ماددە دەستوورییەکاندا دروست دەبێ.

ئەوەی ریگریشە لە دەستوور و سیستمی دەستووری دیمۆکراسی دەزگایی دەستیوەردانی حیزب و خۆپەرستیی و بنەمالەخوازییە:

[[ ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا گومانی نییە پیشکەوتنیکی گەورەو دیار لە هەموو ئەم بنەمایانەدا هەیە بەلام ئەوەی بۆتە رێگر لەوەی کە ئەو بنەماو ستراکتورانە لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتی یاسایی مۆدیرندا پیکەوە کار بکەن ، دەسەلاتی نایاسایی و دەستێوەردانی بە ناهەق و بەرژەوەندیپەرستانەی سەرکردایەتی کلاسیکی شاخیی حیزبی کوردییە ( نەک حیزب خۆی وەک دەوترێ چونکە وەک بەشێکی گەورەی گەل و ئەندامی حیزبەکانیش و کچو کورەکانیان لەم دەستێوەردانەو رێگەگرتن لە دایکبوونی حکومەتی دیمۆکراسی و و کۆمەلگای نوێ زەرەرمەند دەبن ) . ئەوانن حیزبایەتییان بەسەر حیزبەکەشیان و کۆمەل و سیستمەکەشدا سەپاندووەو بێباکانە رۆژانە یاساو هەق و عەدالەت و مافی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی کەسیی و بنەمالەیی تایبەت دەخەنە ژێر پێیانەوە.]]

٤. ئەوەی هێشتا بەداخەوە یادی دەکەمەوە ئەوەیە کە دڵنیام ، گەر رێیان بکەوێتە ئێرە ، ئەمە یەکەم جار دەبێت زۆربەی خەلکی کورد و ئەوانەی دەنگیان بۆ من دا ، ئەم پەیامنامە ببینن ، ببیسن یان بخوێننەوە . رۆژنامەی هاولاتی بە سوپاسەوە چەند رۆژێک لاپەرەیەکیان تەرخان کرد بۆم . بەلام چونکە درێژ بوو نەدەکرا لە یەک ژمارەدا بلاو ببێتەوەو دیارە رۆژنامەش خەلکێکی زۆرکەم دەیبینێت . کوردستانپۆستیش بەفەرمی پشتگیرییەکی بەهێزو بەردەوامی کامپەینەکەم بوو ، راگەیاندنەکانمی ، کە بەفریا بکەوتمایە بۆیان بنێرم ، بەردەوام بلاودەکردمەوە .

بەلام هیچ تەلەفزیۆنیك رێگەی نەدا ماوەی چارەکێک یان زیاترم بدەنێ بیخوێنمەوە یان چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکەن بۆ باسکردنی بەرنامەو

پەیامەکەم [ جگە لە تەلەفزیۆنی بزوتنەوە کە بەئازادی ئێوارەیەک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم ].. لە هەولێر توانیم ئێوارەی نیو سەعات تەلەفزیۆنکی محەللی بەکرێ بگرم و پەیامەکەم بخوێنمەوە بەلام لە سلێمانی ئەوسا هیچ تەلەفزیۆنێکی لۆکالی بازرگانی نەبوو . تەلەفزیۆنی پەیامی کۆمەڵەی ئسلامی بەلێنی چاوپێکەوتنێکی ٥٠ دەقیقەییان دا ، دوای چەندین پێوەندیی و هەوڵ هەر نەیانکرد. هەولێکی یەکجار زۆرم لەگەڵ کەی. ئێن. ئێن دا بە هیچ جۆرێ مەجالیان نەدا. گەرچی چەندجار پێوەندیم بە زۆربەی بەرپرسەکانیانەوە؛ هوشیار عەبدوڵلا ، حەمەتۆفیق ، قادری عاجی عەلی ، سەلاح رەشید ، کاک نەوشیروان ، کردو داوام کرد هەر نەبێ وەک [ رێکلامی بازرگانی] ریگەم بدەن پەیامەکەم بخوێنمەوە ، لەگەل بەرپرسێکدا ئامادەییم دەربڕی ١٠,٠٠٠ دۆلاریان بدەمێ گەر نیو سەعاتم بۆ خوێندنەوە و باسکردنی پەیامەکەم بدەنێ ، هەر ریگەیان نەدا . دوایی لەیانەی کۆمەلایەتی بۆ باسکردنی گەمارۆی کۆمپانیای وشە دژی من سێ بەرپرسی گۆران کرد دانیشتنێکی تایبەتییان لەگەڵ کردم : برایان کاک قادری حاجی عەلی ، کاک عومەری سەید عەلی و کاک شەمالی عەبدولوەفا ، یەکێکیان بە راشکاوی وتی: [[ ئەوە پێوەندی بە هەلوێستی پارتی یەوە هەیە ، گەر لە دهۆک رێگری لە بارەگاو کەمپەینەکەمان بکەن ، ئێمەش لێرە مەجالی تۆ دەدەین لە کەی ئێن ئێن چاوپێکەوتن بکەیت ، بەلام دەبێت تا دواحەفتەی هەڵبژاردن چاوەرێ بکەیت کە ئەو کاتە نزیکی دەنگدانەو گەرماوگەرم دەبێت و بۆ تۆ باشتر دەبێت؟ ]] دیارە ئەمەش لە درۆیەکی روو- زەرد بەولاوە هیچی لێ شین نەبۆوە . ئەوەی بۆمن ناخۆش بوو گلەیی خەلک بوو ؛ رۆژی سەدان تەلەفونم بۆ دەکرا بۆ لە کەی . ئێن دەرناکەوی و بۆ وەک کاندیدی سەرۆکایەتی قسە بۆ خەلک ناکەی ؟ ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تر.

بەلام هەرچۆنێ بێت لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا روو بە روو پەیامەکەم بۆ خەلک دەخوێندەوەو دایەلۆگی خۆش و گرنگی بە دوادا دەهاتن : لە هەلەبجە ، سەیدسادق ، خورمال ، کەلار ، دەربەندیخان ، چەمچەمال ، حاجیاوا ، رانیە ، قەلادزە ، کۆیە ، سلێمانی ، بەلام

بەداخەوە بۆ کامپەینی هەلبژاردنی بەرفراوانی هەرێمیی ، هیچیان کاریگەری یەک وتاری تەلەفزیۆنیی نابێت کە دەچێتە هەموو مالێکەوە. خەونم بەوەوە دەبینی وەک کاندیدی سەرۆکایەتی هەر ولاتێک ، لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنێکەوە بەرامبەر هەموو خەلکی ولاتەکەم دابنیشم و پەیامەکەمیان بۆ بخوێنمەوە . ئەو خەونەم نەهاتە دی . تەنانەت هیچ رۆژنامەیەکیش هەوالی هیچ چالاکییەک و وتارەکانی منی بلاو نەدەکردەوە . لە چاوپێکەوتنێکی هەفتەنامەی ئاوێنە دا ، هاوارم کرد: هەی هاوار ئۆکسجینی راگەیاندنیان لێ بریوم . فایدەی نەبوو . کەس ویژدانی نەجوولا. ئەمەیە دیمۆکراسی کوردیی و گوایە بزوتنەوە گۆڕانخوازەکەی : هەر لە حەفتەی یەکەمی کامپەینەکەمەوە من رۆژانە تامی تالی ئەو ئازادیی و دیمۆکراسییەم دەچێشت ، کە کۆمپانیای وشە بە پارەی حەرام و پەیامی ساختە بۆ خەلکی کوردی رادەگەیاند .

دەقی پەیامنامەی سەرۆکایەتی د.کەمال میراودەلی/تەمووزی ٢٠٠٩

## سەرکردایەتییەکی نوێ- سەرەتایەکی نوێ

## دەسەلاتی دەستووریی، دیمۆکراسیی پەرلەمانیی

## دادپەروەریی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، بنەبڕکردنی گەندەلیی

بە ناوی خوداوەندی گەورەو میهرەبان

گەلی کوردستان

کچ و کوڕانی پڕ خەون و هیوای نەتەوەکەم

من لە یەکەم رۆژەوە کە خۆم بۆ پۆستی سەرکردایەتی کاندید کرد - لە رێگای یەکەم چاوپێکەوتنەکانی رادیۆی نەوا- و تەلەفزیۆنی KNN ەوە - بەلێنم پێدان کە نموونەی سەرکردایەتییەکی نوێتان لە رووی دەستووریی و یاسایی و دیمۆکراسیی و دادپەروەرییەوە پێشکەش بکەم : سەرکردایەتییەک کە دووربێ لەحیزبایەتی و چینایەتی و ناوچەگەریی

و عەشیرەتگەریی و ئایدیۆلۆجی و میراتی خوێن و  چەک و کەلتووری خەباتی شاخ و براکوژیی و گەندەڵیی و هەموو ئەو هۆکارە ناسازو بەرژەوەندییکردانەی کە بە ناهەق و نارەوا گەلەکەمان دابەشدابەش و پێکناحەز دەکەن.

سەرکردایەتییەک کە سەرەتایەکی نوێ بۆ مێژووی کەلتووری سیاسیی گەلەکەمان و نەخشەی ئایندەی تۆمار بکات و ببێتە نموونەیەکی چاک و پاک و سرۆشبەخش بۆ گەنجەکانمان و نەوەی نوێمان.

سەرکردایەتییەک کە بیری چاک و وتاری چاک و کرداری چاک بکاتە مەشخەڵی ڕێگاو پێوانەی هەڵسەنگاندن.

سەرکردایەتییەک کە پابەندی دەستوورێکی دیمۆکراتیی و حوکمی یاسا بێ و هەموو حیزب و لایەن و ڕۆلانی نەتەوەکەمان بە یەک چاو سەیر بکا و سیستمی دیمۆکراتی و کەلتووری یەکسانیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ.

سەکردایەتییەک کە هەستی خۆشویستن و ویستن و یارمەتیدانی یەکتر و باوەربوون بە کۆمەل و بە پاشەرۆژ پەرەپێبداو پتەو بکات و بەها ڕۆحی و مۆرالیی و ویژدانیی و کۆمەلایەتییە بەرزەکان بۆ پێوەندیمان لەگەڵ یەکترو ژیانی رۆژانەمان بگێڕێتەوە.

ئێوە کە من بۆ سەرکردەی خۆتان هەلدەبژێرن راستی  دلسۆزێکی گەلەکەتان بۆ خزمەتی خۆتان و ولاتەکەتان هەلدەبژێرن. ئەم هەلبژاردنەش  پەیمانێکی ئەخلاقییە لە سەر بنچینەی ئەم بەڵێنانە دامەزراوە کە دەبێ پابەند بم پێیانەوە ئەگینا هەقی خۆتانە متمانەم لێوەرگرنەوە و لە خزمەتی خۆتان رەهام بکەن.

گەلی خۆراگری خەبات و کارەسات

هەژدە ساڵە دەسەڵات لە ڕێگای جەنگی ناوخۆی بە ناهەق و تالانی سەروەت و سامانی گەل و گەندەڵیی وشێواندنی بەهاکانمان و کوشتنی خەونەکانمان و کپکردن و کڕینی ئیرادەی ئێوەوە خۆی هێشتۆتەوە.

من دەمەوێ ئەو ئیرادەیە ئازاد بکەم و بیکەمە هێزێکی بەکار بۆ باوەڕ بەخۆبوون، بۆ هیوابوون بە پاشەرۆژ ، بۆ خۆشەویستی یەکتر ، بۆ چاکسازیی ، بۆ گۆڕان ، بۆ دروستبوونی مرۆڤی کوردی هوشیاری تاک و دیمۆکراتیخواز .

هەژدە ساڵە عەقلی شاخ و دەسەڵاتی حیزبیی/ بنەماڵەیی بێ دەستوور ، بێ سەروەریی یاسا ، بێ دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی ، بێ لێپرسینەوەو چاکسازیی ، بێ بوونی ئۆپۆزیسیۆن و دەوری پەرلەمان ، بێ گوێگرتن لە ڕەخنەو ئامۆژگاری میدیای ئازادو هاوارو دادو فریادی بێوچانی خەڵک ، وای کردووە کە لەلایەکەوە دەرفەتی ژیانی ئازادو و پێشکەوتنی شارستانیی و تەکنۆلۆجیی لە دەست بدەین و لە لایەکی تریشەوە هەستی هاوبوویی (ئینتیمای) نیشتیمانی و تەنانەت کۆمەلییش لای مرۆڤی کورد بکوژێ و هەستی هەلهاتن و غوربەت، یان بێهیوایی و ڕەشۆکی لای گەنجەکانمان بە تایبەتی و مرۆڤی کورد بە گشتی جێی بگرێتەوە.

ئێمە لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ هەوڵبدەین ئەم ئینتیماوهاوبوویی یە نیشتیمانییەو شوناسی ئێنسانیی و کەلتووریی و نەتەوەیی بۆ کۆمەلەکەمان و بۆ گەنجی کورد بگێڕینەوە.

ئەمەش بەوە دەبێ و ئەو کاتە دەکرێ کە هەموومان هەست بکەین ئەم نیشتمانە هی هەمووماننە و داوای خۆشەویستی یەکترو ڕەنج و کۆششی تاک و هەرەوەوەزیی لە هەمووومان دەکا. هەمووومان مافی وەک یەکمان لە مێژووی خەبات و شانازییەکانیدا هەیە و شەهیدانی شەهیدانی هەمووومانن، پێشمەرگەی پێشمەرگەی هەمووومانن، مافی وەکیەکمان لە پاراستنی ئاسایش وسەربەخۆیی و سەروەرییدا هەیە، مافی وەکیەکمان لە سامان و بوجەی دا هەیە، مافی وەکیەکمان لە هەل و دەرفەتی کارو

کاسبی و مڵك و زەوی و خاک و ئاوی دا هەیە، مافی وەکیەکمان لە دەرفەتی دامەزراندن و وەزیفەو پەروەردەو خوێندن و تەندروستی و پێشکەوتنی کەسیی و پرۆفێشنال دا هەیە، مافی وەک یەکمان لە دروستکردن و بەرێوەبردن و گۆرینی دیمۆکراتییانەی دەسەلاتدا هەیە.

هەموومان مافی ئەوەمان هەیە کەرامەتمان پارێزراو بێ، ئازادیمان پارێزراو بێ، ژیان و مافە مرۆڤییە بنەرەتییەکانمان پارێزراوبن. هەموومان مافی ئەوەمان هەیە دەستمان بەو عەدالەتە رابگا کە یاسا دەبێ بەرقەراری بکات. مافی ئەوەمان هەیە هەموو هەوڵ و چالاکییەکی تاکەکەسیی و کۆمەلیی ئاشتیخوازو شارستانی ناتوندوتیژ وەک دەنگدان، ئازادی رادەربرین، رەخنە، کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکی راستەوخۆ بۆ بەرهەلستی ناهەقییەکانی دەسەڵات و راستکردنەوەی خواریی و لادانەکان لە یاسا بە کاربێنین.

دەستووری دیمۆکراتی، یاسادانان و گێرانەوەی بوجەو سامان بۆ گەل و، روونبینیی(شەفافییەت) لە وەرگرتن و خەرجکردنیدا، ئەو ئامرازانەن کە ئەو یەکسانییەی پێ دەهێنینە دی: لە پێش هەمووشتێکدا یەکسانی هەمووما ن، هەموو هاوڵاتیان بەرامبەر یاسا. کەس لە سەرووی یاساوە نابێ. کەس لە لێپرسینەوەی یاسایی بۆ هەر گەندەڵی و تاوانێک قوتار نابێ، هەموو کەس لە رێگای یاساوە دەتوانێ هەموو ئەو مافانەی خۆی داوا بکات و بەدەست بێنێ کە لە دەستووری دیمۆکراتی کوردستاندا دەستنیشانیان دەکەین و خۆشی لە هەموو ئەو ناهەقی و ناعەدالەتییانە بپارێزێ کە دەشێ تووشی بێن.

دەستوور، وەک ئیرادەی ئازاد و عەقل و ئاکاری بەکۆمەڵیی گەل و زامنی ماف و ئازادییەکان، یەکەم و سەروەریترین چاوگەی دەسەلات [ مەرجەع } دەبێ. دوای ئەو پەرلەمان ، وەک نوێنەرایەتی هەلبژێردراوی گەل پارێزەرو بەکارخەری دەستوورو، دەسەڵاتی یاسادانەر و چاودێریکی چوستی دەزگای جێبەجێکردن و پارێزەرو پێشخەرێکی بەرپرس و شەرەفمەندی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی و خواستەکانی گەل دەبێ.

من هەموو هەولێک دەدەم بە پشتبەستن بەو دەسەلاتە یاسایی و مەعنەوییەی کە یاسا پێی داوم و بە راوێژکاریی و هاوکاریی دۆستانەو دیمۆکراتییانە لە گەڵ پەرلەمان، پارتەکان، ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەلگای مەدەنی و میدیای ئازاد و روناکبیران و رای گشتی، کە لە رێگای پرۆگرامێکی یاسادانانی زانستی وردبین و دیمۆکراتی و عەدالەتخوازو پێشکەوتنخوازو بەرنامەیەکی ستراتیجی پێشخستنی ئابووریی و کۆمەلایەتی و کەلتووریی و زانستی و تەکنۆلۆجی درێژمەوداو و فراوانەوە، پێکەوە سیستمێکی حوکمرانی دیمۆکراتی و کۆمەلێکی نوێی سەردەمیی دروست بکەین کە عەدالەت و یەکسانی وکار و هیواو بەختەوەری هەموو کچ و کورەکانمانی تێدا مسۆگەر کرابێت، نیشتمان و ملْک و سامان و بودجەکەی بۆ گەل بگێرێتەوە.

بەڵێنتان دەدەمێ هەموو هەوڵێکم بەخت دەکەم کە لە ماوەی سێ مانگدا دەستوورێکی دیمۆکراتی مۆدێرن لەلایەن پەرلەمانەوە بریار بدرێ و لە ماوەی ساڵێکدا کۆمەڵێ یاسای گرنگ بخەینە کار تا کۆتایی بە گەندەڵیی و بێسەروبەریی و دەستێوەردانی حیزبیی و جیاوازی و قۆرخکردنی دەسەڵات ودارایی و دزینی سامانی گەل و وڵات و لەباربردنی حکومەت و دەرفەتە مەزنەکان بێنێ و بودجەو سامانی گشتی بۆ چەسپاندنی عەدالەت و دەرفەتی یەکسان و ژیاندنەوەی دێهات و کەلتووری کوردەواری و بنیاتنانەوەی کەسێتی تاکی کوردو پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی وبنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پێگەیاندنی گەنجان بەکاربێنێ و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و پاشەرۆژی کوردستانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بپارێزێ.

کچان و کورانی ستەمدیدەی کوردستان:

بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە خەون نییە ، تۆ بە دەنگی خۆت دەتوانی ببیتە خاوەنی ئەم پرۆژەیەو دامەزرێنەرێکی ویژدان زیندوو- و هوشیارو چالاکی دەسەڵاتی دەستووریی وحکومەتی یاساو کۆمەڵگای دیمۆکراتی و نیشتمانێکی نوێی زانست و عەدالەت و یەکسانی کە هی هەمووان بێت.

ئەم هەلبژاردنە دەرفەتیکی مێژوویی گرنگە  بۆ پاراستنی دەسکەوت و پاشەرۆژی گەلەکەمان و لە دەستنەدانی دەرفەتی ئازادی وپێشکەوتن و خۆبەرێوەبردنی دیمۆکراتی. هەموو ئەو دەرفەتە زێرین و کارتە بەهێزانەی لەدەستماندا بوون یەک بە یەک، لەم پێنج ساڵەدا، لە لایەن دەسەڵاتی نا نەتەوەیی نادەستوورییەوە  بۆ بەرژەوەندی حیزبیی و بنەمالەیی خۆپەرستانە فەوتێندران و سووتێندران. جیهان، لەم لەحزەی قەیرانە دارایی و ئابوورییە جیهانییە گەورەدا، خەریکە جارێکی تر سیستمێکی تری خەتەرناک بە خۆ دەگرێ کە لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە. کەچی دەسەلات هێشتا وەک مێگەل سەیری گەل دەکاو هەروەک نە بای دیبێ و نە باران وەک عادەتی هەژدە سالی خۆی لە جێێ خۆی چەقیوەو دەستبەرداری گەندەڵی و مۆنۆپۆلی و هەڵپەی تۆتالیتارییانە نابێ.

من دەمەوێ بە پشتیوانی ئێوەو پێشکەشکردنی نموونەی سەرکردایەتییەکی ئێنسانیی و دیمۆکراتی عەدالەتخوازو ژیرو رۆشنبیرو عەقلانی و باوەربەخۆبوو، هەستی خۆشەویستی و هاوبوویی وهاوخەباتی بۆ گەلەکەمان بگێرمەوە وهەمووممان بەیەکەوە،

**گەل و حیزب و حکومەت ، کۆمەڵ و تاک :**

*** دەستوور بکەینە رێبەر**

*** یاسا بکەینە سەروەر**

*** دیمۆکراسی بکەینە رێباز**

*** عەدالەت و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بکەینە ئامانج**

*** هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی ئازادیی، مافی مرۆڤ، دیمۆکراتی بوون، میدیای ئازاد، دەرفەتی یەکسانی کارو بەختەوەری و پێشکەوتن و زانست و تەکنەلۆجی و پەروەردەو پێگەیاندن و داهێنان ودامەزران و**

**خۆ دروستکردن و خزمەتکردن ، بۆ هەموو رۆڵەکانمان، کچ و کوڕ، لە ئەمرۆو ئایندەدا بکەینەوە و ناعەدالەتی رابردوویان بۆ قەرەبروو بکەینەوە و باوەربوونیان بە خۆیان و نەتەوەیەکەیان و ئایندەیان پتەو بکەینەوە.**

من بەڵێنتان دەدەمێ کە بە هاوکاریی دلسۆزانەو بەرپرسانەی پەرلەمان و پارتەکان و بە پالپشتی گەلەوە، وەک نوێنەری هەلبژێردراوی راستەقینەو شەرەفمەندو ویژدانبەندی ئێوە لەگەل حکومەتی دیمۆکراتی عێراق و ولاتانی دەوروبەرو نەتەوە یەکگرتۆکان و ئەمریکاو بەریتانیا و ئەوروپا دابنیشین و لە رێگای پرۆسەیەکی روون و نانهێنییەوە کە پەرلەمان رێبەری بکات و بریاری بدات و لێیبپرسێتەوە، پاشەرۆژێکی ئازادو سەلامەت و دیمۆکراتی بە پێی پەیماننامەی جیهانی مۆرکراو بە پاڵپشتی یاسایی و سیاسیی نێونەتەوەیی، بۆ ئێوەو کوردستانەکەمان، زامن بکەین.

هێشتا هەلومەرجی لەبار بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لەئارادایەو بە هەلبژاردنی رێگای ئاشتیخوازانەی بێ توندوتیژی و پرۆسەی دیمۆکراسی سیاسیی پلورالی فرەنەتەوەیی هاوبەش لە گەل گەلانی هاو مێژوو و دین و کەلتوورو پاشەرۆژمان لە ناوچەکەو تیکەڵکاری دیمۆکراتی وکاری دیپلۆماسی مۆدیرن لەگەڵ جیهاندا، دەتوانین ئاسایش و مافی نەتەوەیی و هاونیشتمانیی دیمۆکراتی بۆ گەلەکەمان و پاشەرۆژێکی سەلامەت و شاد بۆ رۆلەکانمان و ئامانجی پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و دیمۆکراتی لە سەربنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش و رێزی یەکتر دابین بکەین. بۆ ئەم مەبەستە هەول دەدەین دایەلۆگێکی سیاسیی روناکبیریی فراوان لەگەل روناکبیران و رێکخراوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسەتمداران و پەرلەمانتارانی گەلانی برای عەرەب و تورک و فارس دەستپێبکەین و کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ دەستنیشانکردنی نەخشەرێگای چارەسەری کێشەی کورد بە تایبەتی و کێشەی نەتەوەو کەمێتییەکان لە رۆژهەلاتی نێوەندا بە گشتی، بە هاوکاری کەسێتییە سیاسیی و رووناکبیرییە جیهانییە ناسراوەکان و

دەولەتە ناوچەییەکان و سوپەرپاوەرەکان و یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتۆکان، لە ئایندەیەکی نزیکدا ببەستین. من بەڵینتان دەدەمی کە نوێنەرێکی مەبدەئی ئازارو ئاواتی گەلەکەم دەبم لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و دەنگی گەلی کوردستان پاڵپشتی گەلانی ئازادیخوازی وەک ئێمەش دەبێ وەک گەلی تامیل و دارفور و فەلەستین و کەمێتییە نەتەوەیی و کەلتووری و ئایینییەکان لە هەموو دنیادا.

ئێستا هاوکارییەکی باش و توندو تۆڵ خەریکە لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سوریادا دروستدەبێتەوە. من پێشوازی و پشتگیری هاوکاری نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر دەکەم. بەڵام ئەو هاوکارییە دەبێ بۆ خزمەتی دیمۆکراسی و خیرو خۆشی هەموو نەتەوەکان بێت و لە سەر حیسابی کورد یان هیچ گەل و تایەفەیەک نەبێت.

ئەزموونی عێراق ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە پرۆسەو ئاکامی خەتەرناکی قبوڵنەکردنی جیاوازی و پلورالیزمی نەتەوەیی و مەزەبی. قبوڵنەکردنی حەقیقەتی نەتەوەیی گەلی کوردستان لە لایەن رژێمەکانی شۆڤێنیی و ئەوسا بەعسی عێراقەوە بە ئەنفال و جێنۆساید دوایی هات، قبوڵنەکردنی جیاوازیی و یەکسانی کۆمەڵگا دینییەکان لە عێراقدا بە تەکفیرو سەربڕین و کوشتاری ژن و منداڵ دوایی هات.

ئەم نەوەیەی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق و عەرەب و تورکیاو ئێران و هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی لە سەریانە وەک ئەرکێکی ویژدانی و دینیی و ئینسانی کە دوا دەرسی لۆژیکی و رۆحی لەم ئەزموونە وەرگرن و نەهێڵن بۆ نەوەکانی داهاتووش دووبارە ببێتەوە، ئەویش بە سەلماندن و چەسپاندنی پرینسیپی پلورالیزم و جیاوازیی نەتەوەیی و دینیی و تایەفی و کەلتووریی، کە ژیانی ئینسانی دەولەمەند دەکا هەر وەک چۆن جیاوازیی هەزاران جۆر لە گوڵ و گیاو زیندەوەرو دەنگ و رەنگ و دیاردەی سروشتیی ژیانی سروشتیی دەولەمەند دەکا.

پێویستە بنەماکانی یەکترناسین و یەکتر قبولکردن و مافی چارەنووس لە چوارچێوەی دیمۆکراسی سیاسیی پلورالی و هەستی لێبوردەیی و تۆلێرانس هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بکرێنە بەرنامەی پەروەردەو خوێندن و لە هەموو دەزگا دیمۆکراتی و سیاسییەکانی دەولەتی و کۆمەلیشدا رەنگ بدەنەوە.

لەم باشووری کوردستانە جوان و دەوڵەمەند ودێرینەدا گەلانی برای عەرەب و ئاسووری و ئەرمەن و کلدانی و تورکمانمان لەگەڵ دەژین. من دژی هەر جۆرە (ویسایە)کم بە سەر ئەواندا کە ماف و ئازادییە دەستوورییە رەواکانیان کەم بکاتەوە یان بشێوێنێ. دژی ئەوەم کەسانێکیان بە پارە یان بە فشار لێ بکردرێ و بکرێنە ئەندامی حیزبی کوردی یان عێراقی تر و بوترێ ئەوانە نوێنەری ئەوانن. وەک عێراقی ئەوان ئازادن لە هەر شوێنێکدا دەژین ئەندامی هەر حیزبێکی کوردستانی یان عێراقی بن، وەک گرۆی نەتەوەیی و خاوەنی شوناس و میژووی خۆیان ئازادن، وەک مافی دەستوورییان، حیزبی سیاسیی و رێکخراوی کەلتووری خۆیان هەبێ و بۆ بریاردانی چارەنووسی خۆیان بەو شێوەی خۆیان دەیانەوێ لە رێگای پرۆسەی دیمۆکراتی سیاسیی فرە-نەتەوەییەوە تێبکۆشن.

گەلی رەنجدەرو قوربانیدەری کوردستان

رووناکبیران و سیاسەتمادارانی کورد ، حیزبە دیمۆکراتیخوازەکان

ئێمە ، وەک گەل و وڵات، هەموو بنەماو ستراکتوری هەیکەلی حکومەتی مۆدێرنمان هەن کە سیستمی دیمۆکراتی و پیشکەوتنی سیاسیی و کۆمەڵیی و ئابووریی و زانستییان لە سەر بنیات دەنرێ وەک:

1. سەرۆکایەتی هارێم

2 . پەرلەمان .

3. حکومەت

4.دادوەریی

5. ئەنجومەنی پاریزگاکان و شارەوانییەکان

6. حیزبەکان و پلورالیزمی حیزبیی

7. پێشمەرگەو هیزی چەکداری پۆلیس و ئاسایش

8. کۆمەلگای مەدەنی

9.دەزگای راگەیاندن و میدیای ئەهلی ئازاد

10. بازارو کەرتی تایبەتی

11. بودجەو سەرجاوەی دارایی و سامانی نەتەوەیی ژێر زەمین و سەرزەمین و سروشتێکی جوان و پر خێرو بەرەکەت

12. دەزگاو دامەزراوەی وەک زانکۆکان و کەرتی پەروەردەیی و دەز گاکان و بەریوەبەریتییەکانی هەرێم

13مزگەوتەکان و دامەزراەوە دینییەکان

14. پێوەندی دەرەوەیی و دیپلۆماسی

15. توێژی رۆشنبیران و هێزیکی مرۆیی مەزنی گەنجان و بەهرەو توانای ناوخۆیی

16، کاریگەریی دیاردەی جیهانگیریی و تەکنۆلۆجیای زانیاری سەردەم و تیکەلکاری لەگەڵ دنیای دەرەوەدا

17 بوونی کۆمەڵگا و جالیەی کوردی بەهێز لە دەرەوەی وڵاتدا

هەموو دەوڵەتێکی نۆدەم لە سەر ئەو بنەما بەهێزانە دامەزراوە کە پێکەوە کاردەکەن و یەکتر تەواو دەکەن تا پرۆسەی حوکم و ژیانی سیاسیی و کۆمەڵی بە شێوەیەکی هاوتاو یەکتر بەهێزکەر بەرێوە بچن.

وەک دەبینن ئەوەی نوقسانەو دەبێ لە سەرووی هەموو ئەوانەوە بێت دەستوورە. لە هەموو ولاتێکدا هەموو ئەو ستراکتورو دەزگاو روالەتانەی دەولەت و کۆمالگا بە ماددەی دەستووری رابەریدەکرێن و بە یاسادانان ریکدەخرێن. دیارە لە سەرووی دەستووریشەوە دەبی دادگایەکی دەستووری هەبێ بۆ چارەسەری و بریاردانی ئەو ناکۆکییانەی لە نیوان دەسەلاتەکاندا یان بە هۆی تەفسیرکردنی جیاوازی ماددە دەستوورییەکاندا دروست دەبێ.

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا گومانی نییە پیشکەوتنیکی گەورەو دیار لە هەموو ئەم بنەمایانەدا هەیە بەلام ئەوەی بۆتە رێگر لەوەی کە ئەو بنەماو ستراکتورانە لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتی یاسایی مۆدیرندا پیکەوە کار بکەن، دەسەلاتی نایاسایی و دەستێوەردانی بە ناهەق و بەرژەوەندیپەرستانەی سەرکردایەتی کلاسیکی شاخیی حیزبی کوردییە ( نەک حیزب خۆی وەک دەوترێ چونکە وەک بەشێکی گەورەی گەل وئەندامی حیزبەکانیش و کچو کورەکانیان لەم دەستێوەردانەو ریگەگرتن لە لە دایکبوونی حکومەتی دیمۆکراسی و و کۆمەلگای نوێ زەرەرمەند دەبن ) . ئەوانن حیزبایەتییان بە سەر حیزبەکەشیان و کۆمەل و سیستمەکەشدا سەپاندووەو بێباکانە رۆژانە یاساو هەق و عەدالەت و مافی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی کەسیی و بنەمالەیی تایبەت دەخەنە ژێر پێیانەوە.

**من تێدەکۆشم ، بە هاوکاریی و هاودەنگیی پەرلەمان و پارتەکان و ئۆپۆزیسیۆن، کۆمەڵی یاسای پێویست بۆ قەدەغەکردن و بە جەریمەکردنی دەستێوەردانی حیزبی و هەموو جۆرە خۆتێگەیاندنێکی نایاسایی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەربکەین. دیارە ئەو بەرنامەی یاسادانانە پێویستی بە راوێژکاریی و هاوکاریی هەموو یەکلایەک دەبێ.**

بەڵام ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێ کە سەرۆک بە هاودەنگی سەرۆک لیستەکان دەوری ڕێبەرانەی لە دەسپێشخەرییکردن بۆ پێشکەشکردن و گەڵالەکردنی پرۆژەی ئەو یاسایانە هەبێ.بۆ نموونە:

1. دەستووری دیمۆکراتی و دادگای دەستوورییی: لە ماوەی سێ مانگدا تەواو دابمەزرێن.

2. سەرۆکایەتی هەرێم: من پێشنیاز دەکەم لە دەستوورا سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێ و ئەنجومەنی پیران جێی بگرێتەوە.

2. پەرلەمان و حکومەت: بۆ چاکسازیی و چالاککردنی پەرلەمان تا بە پێی یاسایەک شێوەی هەلبژاردنی بازنەیی جێگەی هەلبژاردنی ڕێژەیی دەگرێتەوە، کۆمەڵی ڕێساو ڕێوشوێن دەردەکەین کە حوکمی یاسایان هەبێ بۆ ئەوەی:

ا. ئەندامانی پەرلەمان بە پێی شوێنەکەیان بکرێن بە نوێنەری ناوچەی جوگرافی دیاریکراوو ئۆفیسیان لەو ناوچانە هەبێ و کراوە بێ بۆ زیارەتی هاووڵاتییان.

ب. هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەبێ بەلای کەمەوە هەفتەی ڕۆژێ دەرگای ئۆفیسەکەی بێ مەوعید کراوەبێ بۆ سەردانی هاووڵاتیان و گوێگرتن لە سکالاو داواو پێشنیازەکانیان وگەیاندنیان بە پەرلەمان و حکومەت.

ج. سەرۆکی حکومەت دەبێ بەلای کەمەوە مانگی جارێک لە بەردەم پەرلەماندا ئامادەبێ بۆ کاتی پرسیارکردن بۆ ماوەی دوو سەعات. ئەندامەنی پەرلەمان ئەرکی سەرشانیانە چاودێری کارەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکانی حکومەت بکەن و دەربارەی هەر پرس و بابەتێ بەلای دەنگدەرانیانەوە گرنگە پرسیاری لێ بکەن.

د. پەرلەمان دەتوانێ هەر وەزیرێک بۆ پرسیار و لێپرسەنەوە لە هەر کاتێکدا پێویست بێ بانگ بکات.

هێ. ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرسیاری نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی وەزیران، وەزیرەکان و بەرپرسیارانی دەزگاکانی حکومەت بکەن و پێویستە لە ماوەی دوو هەفتەدا، مەگەر بەهانەیەکی رەوا هەبێ، هەر بە نووسین وەلامیان بدرێتەوە.

دایکان و باوکانی بە پەرۆش و کچان و کوڕانی ئایندەدروستکەری کوردستان

من دەزانم زۆربەتان ، بە بەشی هەرەزۆری حیزبییەکانیشەوە، بە تایبەت پێشمەرگە قارەمانەکانمان، قوربانی دەستی حیزبایەتیی و و گەندەڵیی و جیاوازیی و ناعەدالەتیین و تینووی گۆڕانن. ئێستا وڵاتی ئێمە دوورگەیەکی لە دنیا دابڕاو نییەو ئێوەش ئەشکەوتنشین نین و دەزانن لە هەموو شوێنیکی دنیادا گەلان گۆڕانی دیمۆکراتیی و یەکسانی و ژیان و نان و ئامان و ئازادیی دەخوازن.

گەر بەراستی هەڵبژاردنێکی 'ئازاد و دروست و راست ' هەبێ ئێوە نەک هەر بە دەنگ و دەست بەڵکو بە رۆحیشتان دەنگ بۆ پاراستنی وڵات وپاشەروژی خۆتان لە کۆمەلگای دیمۆکراتیی یاساو یەکسانی و عەدالەتخوازیدادا دەدەن. ولاتی ئێمە لە لەحزەی (ئۆباما)یی دا دەژی بەلام کوا ئەو سیستمە دیمۆکراتی و یەکسانەو ئەو گەلە چاوکراوەو ئەو کەمپەینە ئازادەو ئەو میدیا ئازاد و سەربەخۆیەی کە ئەم لەحزە میژووییەی بۆ ئۆباما و ئەمریکا کردە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ هەموو جیهان؟

بە داخێکی زۆرەوە دوای 18 ساڵ حوکمی کوردی کە بێ بنەماییانە خۆی بە مۆدێلی دیمۆکراتی عێراق و ناوچە پێشکەشکرد، ئێستا دەسەلاتی بنەمالەیی کوردی بێباکانە لە بەرچاوی هەموو دنیادا ، سیاسەتی نانبڕین و زمانبڕین و هەڕەشەی کوشتن و ونکردن و تۆقاندن و لەناوبردن بەرامبەر ئەو کەس و گرۆیانە بەکاردینێ کە بیروڕای جیاوازیان هەیەو دەیانەوێ ئازادانە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی دیمۆکراسی بکەن.

گەلی کوردستانی خەبات و کارەسات

پێوانەی من بۆ عەدالەت و ویژدانی نەتەوەییمان ئەوەیە تا چ رادەیەک بایەخ بە ژیان و بەختەوەری و پاشەرۆژی خیزانان و منالآنی ئەنفال و هەلەبجە دەدەین و دەیانخەینە سەرچاومان و لە پێش هەموو دەستەو گرۆیەکی تردا دادپەروەریی و ماڵ و خانوو پەروەردەی دروست و ژیانی سەربەرزو پاسەرۆژی بەختەوەرییان بۆ دابین دەکەین.

پێوانەی من بۆ شانازی نەتەوەییمان و وەفامان بۆ شەهیدان و خەباتکارانمان ئەوەیە تا چ رادەیەک بایەخ بە پێشمەرگە دەدەین و رێزو تەقدیری و ژیانی سەربەرزی بەختەوەر بۆ مندالەکانیان مسۆگەر دەکەین و خۆشەویستیی و ریزیان وەک پێشمەرگەو سوپای کوردو کوردستان نەک میلیشیای حیزب و بنەمالە بۆ دەگێرینەوە

ئێمە تاقە سەرکردەی رێبەر نابین وبنەماڵەخوازو پاوانخوازو ناوچەخوازو ئایدیۆلۆجییخواز نابین، نابینە شەریک و پاکانەکاری هیچ گەندەڵی و تاوانێک کۆن یان تازە، گەورە یان بچووک .

وەک دۆست و هاوڕێیەکتان ، تکاتان لێدەکەم وەک کەسی سەر بە حیزب و بنەمالەو ناوچە بیرمەکەنەوەو بڕیار مەدەن. وەک مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی ئازاد و هوشیار بریار بدەن کە تاکە دەنگی خۆی دەتوانێ جیاوازی دروست بکا داخۆ ئێمە لیدەگەرێێن لە ناو سسیتمی گەندەللی بێدادییدا بمینێن یان سیستمی نوێ دروست بکەین.

لە سیستمێکی دیمۆکراتیی دەستووریی پلورالیستی مەدەنیی راست و دادپەروەر و یاساخوازدا هەمووتان دەتوانن چ لە چوارچێوەی مال و کاری خۆتان، چ لە چوارچێوەی خەبات و خەونی نەتەوەییدا ببنە سەرکردەو رێبەر، دەتوانن ببنە زاناو داهێنەر، دەتوانن ببنە هونەرمەندو نووسەر، دەتوانن هەموو خەونەکانتان بکەنە راستی، مەحاڵ بکەنە حەقیقەت.

من دەمەوێ بە هاوکاری هەموو هێزەکانی گۆڕان و چاکسازیی و عەدالەتخوازییەوە، بە یەکەوە، لە ڕێگای پرۆسەیەکی دیمۆکراتی ڕاستەقینەوە ئەو سیستمە تووڕهەلدەین کە ریگەی ئەو دەرفەتە لە ئێوە دەگرێ، کە کوشتن وخۆسووتاندنی کردۆتە تاقە چارە لە بەردەم ژنانی بێ مافدا و سەرهەلگرتن و نامۆیی و دوورەپەرێزیی کردۆتە تاقە دەرفەت لەبەردەم گەنجانی بێ هیوادا و ولاتەکەمانی کردۆتە سەحرایەکی بێ بەرهەم و گەشایی و گەشەسەندن و گەشبینیی.

بەڵام و نامانەوێ بچینە ناو پرۆسەیەکی ساختەوە کە پێشەکی ئەنجامەکانی دیاریکرابن. نامانەوێ بچینە ناو هەڵبژاردنەوە بۆ ئەوەی چەند هەزار دەنگێک بەدەست بێنین و شەرعییەتی هەلبژاردن بە دەسەلأت بدەین یان دەسەلأتی گەندەڵ چەند دەنگێکمان بەخێر یان بەخشیش بداتێ! ئێمە بۆ سەرکەوتنی تەواو دەچینە هەڵبژاردنەوەو دلنیاین لەوەش گەر هەلومەرجی ئازادو دروست و دادیاریی هەلبژاردن هەبێ زۆرینەی دەنگی خەلکی ولاتەکەمان بەدەست دێنین

کوڕی کورد، کچی کورد: ئایندەی گەشت لە بەردەمە، لە دەستت دایە، مەهێلە لە دەستی دەربێنن.

دەنگبدە بۆ پاشەرۆژی خۆت ، بۆ دەرفەتی پەروەردەکردن و دامەزران و سەربەرزیی و بەختەوەری خۆت .

بۆ پێشەوە ، دەست لە دەستاو و قووەت لە خوا.

www.rahellpost.com